# کەنار "دەبێت ڕۆحی کەسێک ئاشنای ڕۆحت بێت تا بتوانی لە فەزای شیعردا مەلەبکەیت"



**ئا/ ڕۆڤینا ڕۆژگار**

" لە پشت دیلکردنی هەموو کچێکەوە بێ دەسەڵاتیەك هەست پێدەکەم"

ئەمە پەیامی کەناری شاعیر بوو، سەبارەت بە کچانی دیلکراوی دەست کۆمەڵگەو کلتور، بۆ قوتاربوون لەم دۆخە، ئەو دەڵێت "پێویستمان بە کەمێك ئارامی هەیە تا دۆخێك بۆ ئازادبوون دەرەخسێنین"

کەنار کچە شاعیری لاو، ئێوارە کۆڕێکی شیعریان بە هاوبەشی لەگەڵ چاوان تاهیری هاوڕێیدا سازکردبوو، بە شیعرەکانیان توانیان سەرنجی گوێگرانو ئامادەبوان بۆ ووشەکانو سۆزی شیعرەکانیان ڕابکێشن.

کەنار، واهەست دەکرا بەهۆی نابینابوونیەوە هەمیشە دەبێت دەستێك ئامێز بێت بۆ دەستەکانی، ئەو نابینابوونی نەبۆتە خەمی ژیانیو دەڵێت " گەر نابینا نەبوومایە پێدەچوو نەمتوانیایە پێبنێمە ئەم فەزا ئارامەی شیعرەوە"و پاشان ووتی" لەگەڵ کچ بوونو نابینابوونیشمدا خاوەنی ١٤٠ شیعرمو هەموو دێرەکانم خۆش دەوێنو شانازیان پێوەدەکەم"، ئەوەی ڕێگرمە گۆمەڵگایە" ئەو کەمی کچانی شاعیریش دەگەڕێنێتەوە بۆ هەمان هۆو دەڵێت " ئەوان نووسینی شیعر بە مافی منی کچ نازانن".

ئەو لەوە بەتواناترو دەڵێت " من لە کچ بوونم هەست بە هیچ سانسۆرێك ناکەم بەسەرمدا سەپابێت".

کەنار بەکەمێك شەرمو ترسو زۆرێك لە عیشقەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێت ڕۆحی کەسێك ئاشنای ڕۆحت بێت تابتوانی لە فەزای شیعردا مەلەبکەیتو ووتی" گەر ئەو هەبوونی نەبێت من ناتوانم درۆ لەگەڵ خۆمو شیعریشدا بکەم".

ناوبراو بە نوسینی شیعرەکانیەوە دیارە کە هەوڵ دەدات واقعی ڕۆژەکانی خۆی بکاتە بەشێك لە شیعرو بەشێکی دیکەشی خۆی بداتە دەست سەفەری نێو ئەفسانەکانی خەیاڵ، بە بڕوای ئەو " ئەو دێڕانەی کە پارچەیەکن لە خەیاڵ ناسکترو شیعری ترن لەو دێرانەی کە گێرانەوەی واقعی خودی شاعیرن".

## بە تەنها مردنە کە درۆ ناکات
## شانۆییەک لەنێوان مردن و ژیاندا



ڕۆژانی ٦- ٨/ ٧/ ٢٠٠٦ گروپی ستودیۆی ئەکتەر بەهاوکاری یەکێتی هونەمەندانی کوردستان لەهۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان شانۆیی (بەتەنها مردنە کە درۆ ناکات)ی نمایش کرد.

شانۆییەکە لە نواندنی (سەرکۆ عارف، زەریا سامی، دڵشاد نوری، ڕۆژان حەمەجەزا، جەبار حەسەن) و ئامادەکردن ودەرهێنانی (سەفین ئەنوەر)ەو دەقی شانۆییەکە لە شەش دەقی ترەوە ئامادەکراوە کە ئەوانیش دەقی (سامونیل بیکێت، هارۆڵد پینتەر، چەند شیعرێکی پۆشکین، ڕۆمانی ڕۆژباش ئاسمان) ئامادەکراوە.

بیرۆکەی شانۆییەکە ئەوەیە کە هەوڵدانە لەنێوان ژیان ومردندا، هەربۆیە چەند پیاوێك دەیانەوێت خوێندنەوەیەك، یاخود ڕێیاسەك دابڕێژن کەتیایدا ژن بەویست و حەزەکانیان بکات و تیرۆریش جێگەیەکی هەیە لەناو شانۆییەکەدا کە پیاوانی بێ هیوا کردووە بەڵام تەنها ئەو ژنەی ناو شانۆییەکەیە کە تا دواساتەکان بێ هیوا نابێت لە چاوەڕوانی، چاوەڕوانی داهاتوویەکی پڕشنگدار بۆ ژیانێکی نوێ.

## پیانۆو ئەستێرە بێ گوناهەکەی شار



پیانۆو ئەستێرە بێ گوناهەکەی شار ناونیشانی ئێوارە خوێندنەوەیەك بوو بۆ قەسیدەی (شار)ی بەختیار عەلی کە بەدەنگی (شوان عەتوف) خوێندرایەوە لە ١٢/٧/ ٢٠٠٦ لەمۆزەخانەی نیشتمانی سلێمانی (ئەمنەسورەکە).

ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە شوان بەهاوکاری ژەنیار (ئەرکان علی) توانی ڕۆحی بەختیار پێشکەش بەئامادەبوان بکات، لەکاتێکدا نوسەرو روناکبیر بەختیار عەلی ئامادەی کۆڕەکە بوو.

## شەبەنگە ڕەنگاڵەییەکان لە سلێمانی

لەلایەن بەرپرسی سەنتەری ڕاگەیاندن و روناکبیری ژنان پێشانگای هەردوو شێوەکار (حنان ئەنساری، ڕەئوف عەتار) لە هۆڵی سلێمانی کرایەوە.

پێشانگاکە کۆمەڵێک تابلۆی لە خۆگرتبوو بەرهەمی هونەری هەردوو شێوەکار(حەنان ئەنساری، ڕەئوف عەتار) دانیشتوی بەغداد، بوو. بە هاوکاری ڕێکخراوی ئاسوودەو لەلایەن ڕووناك ڕەئوف بەرپرسی سەنتەری ڕاگەیاندنو روناکبیری ژنان کرایەوە لە هۆڵی سلێمانی، ڕۆژی٢٠٠٦/٧/١١ ماوەی دوو ڕۆژی خایاند.



## خونچە: یادی مۆمی یەک ساڵەی تەمەنی لە زینداندا بۆ داگیرسێنرا

خونچە بوەتە خەمڕەوێنی هەموو ژنە سزادراوەکانی بەشی چاککردنی کۆمەڵایەتی ژنان لەسلێمانی

ئەوان لەگەڵ هەر لەباوەش کردنو دەست کردنەملو ماچکردنێکی خونچەدا بۆنی منداڵو براو خوشکی خۆیانی لێوەردەگرن.

دایکی خونچە بەدوو ساڵ زیندانی سزادراوە، خونچە لەبنکەی گرتنو گواستنەوەی کەرکوك لەدایك بوە، پاشان بۆ ماوەی سێ مانگ لەماڵی هاوڕێیەکی دایکی پەروەردە کراوە، پاش سێ مانگەکە، لەگەڵ ئەوەی کە باوکیشی هەیە کەس نەبوە سەرپەرشتی بکات، بۆیە بەناچاری هێنرایە بەشی چاککردنی کۆمەڵایەتی ژنان لەسلێمانی.

## سروشتی نامۆ

لەگەلەری مۆزەخانەی سلێمانی پێشانگای تایبەتی شۆخان شەیدا کرایەوە

شۆخان شەیدا بەمەبەستی گوزارشت کردن لەسروشتێکی نامۆ لەچوارچێوەی پێشانگایەکدا تابلۆکانی نمایش کرد.

هونەرمەند لەدایکبوونی ساڵی ١٩٨٣ ی شاری یەزیدی ئێرانەو ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووەو پێشتر بەشداری لەدوو پێشانگای هاوبەشدا کردووە.



## نواری

### بەدەیان مۆبایل بەدزیەوە وێنەی ئەو کچانەیان ئەگرت

بێگومان تەکنولۆژیا پێشەوەچونی بەرچاوو مەزنی بەخۆوە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەخێرایی بڵاوئەبێتەوە کە ئەم بڵاوبونەوە خێرایە بەهەزاران کێشەی گەورەی لێکەوتۆتەوە وبەتایبەتیش لەنێو گەلی کورد، زۆر جاریش ئەڵێم خۆزگە وا زوو کورد بەهەندێ سیمای تەکنەلۆژیا ئاشنا نەبوایە دیارە کە ئەوە ئەڵێم مەبەستم نیە گەلی کورد بێبەش بێت، بەڵام واباشە وەك کەوتۆتە بەردەستمان بەشێوازێکی مۆدێرن و ئاقڵانە بەکاری بێنین، نەك بیکەینە ئامێرێك بۆ هەراسانکردنی خەڵکانی تر، دوو نمونەی زیندوو دەکەمە بەڵگەی قسەکانم هیچ کچێك هەیە بتوانێت بە ناوە کچانەکەی خۆیەوە بچێتە ژوری چات بێگومان نەخێر، چونکە ئەگەر بەناوەکەی خۆیەوە بچێتە یەکێك لە ژورە کوردیەکان ئەوا بە کۆڵێك سوکایەتی پێکردنەوە ئەبێت ئەو ژورە جێ بێڵێ ئەوەشیان بە هەر حاڵ کچە، بەڵام بەناوێکی کورانەوە چات ئەکات، لەوە ترسناکتر ئەوەیە لەو وڵاتەی خۆمان بە هەمو شێوەیەك کچ سوکایەتی پێ ئەکرێت لە ڕێگەی مۆبایلەوە، ئەوە باس ناکەم کە خوا ڕەحم کات ژمارەکەی نەکەوێتە دەست خەڵك کە چەندە بەبێ ویژدانی ئەکەونە گیانی بەڵگەش بۆ ئەوە کێشەکانی مۆبایلە لە کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئاسایش، هەروەها ئەم نموونەیەی ئاماژەی پێدەدەم بەبەرچاوی خۆمەوە ڕوویدا هێندەی تر سەلماندی کەئێمەی کورد چەند نادروستانە سوود لەو تەکنەلۆژیایە وەردەگرین، ماوەیەك لەمەوبەر لە (غسل)ی ئۆتۆمبێل بوم بەو نیازەی ئۆتۆمبیلەکەم بشۆم لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی جوانی مۆدێل بەرز هاتە ناو غەسلەکەوەو دوو کچی لێ دابەزی ئیتر هەر ئەوەندە بوو ئەو کچانە دابەزین چەندین کەس کە وەك گورگی برسی چاوەڕوانی نێچیر بون چاویان بریە ئەو دوو کیژۆڵەیەو تا سەر ئێسقان ئەو کچانەیان هەراسان کرد. بەوەشەوە نەوەستان بەدەیان مۆبایل بەدزیەوە وێنەی ئەو کچانەیان ئەگرت ئەشمەزانی ئەو هەموو مۆبایل و خەڵکە لە کوێ کۆبوە خۆ ئەگەر کچەکان جلی نیمچە روتیشیان لەبەر بوایە ئەوا حەقیان بو، بەڵام تا بڵێی ڕێك و پێك و ڕێك پۆش بون سەیر لەوە دابوو خاوەنی غەسل و شاگردەکانی زۆر لە موشتەریەکانیان خراپتر بوون تەنانەت خەبەریان دەدایە غەسلەکانی ترو دەیانوت ئێمە کچی جوانمان لەلایە ئێوە چیتان لایە، ئێمە بەو شێوەیە سوود لە تەکنەلۆژیا وەردەگرین لە هەڵپەی ئەوەداین مۆبایلی مواسەفات بکڕین، ئەبێ وێنە ئەو کچانە چەندین جار بە (انفراریەت و بلوتوس) بۆ مۆبایلەکانی تر نێردرابێت و چی یان پێ وترابێت .یان چۆن وێنەکانیان دەستکاری کرابێت و پێوەی هیلاك بووبن، زۆرم پرسیار لەلا دروستبوو دڵنیام لەلای خوێنەر سەرنج و پرسیاری زیاتر.

کێو